# ئاستەنگەکانی پیاوی کورد لەبەردەم ژنی نوسەردا

ئیسماعیل کەریم

ئەلمانیا

تێبینی: بە هۆی کێشەی و هەڵەی ناردنەوە، لە بری ئەم پاک نوسە،ڕەش نوسی ئەم بابەتەم بۆ هەندێ ماڵپەڕ ناردووەو بڵاو بۆتەوە،، داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم.

نوسین لەسەر هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان ولێکدانەوە بۆ پێشهاتی هەموو ئەو ئەگەرانەی ڕوبەڕوی کۆمەڵگا دەبێتەوە چەندێک ئەرکە لەسەر پیاوی ڕۆشنبیر، هێندەش ئەرکە لەسەر ژنانی ڕۆشنبیر و نوسەر بێنە ئەم مەیدانەوە، بۆ ڕۆشن کردنەوەی ئەو تاریکیانەی باڵی بەسەر مەعریفەی کوردیدا کێشاوە لە ڕووە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکانەوە، کە سانا نیە تەنها پیاو بتوانێت بە تاک جەمسەری هەموو برینەکانی کۆمەڵگا سارێژ بکات ، ئەگەر هزری ڕۆشنی ژنی کورد لەنێو ئەم کاروانە ڕۆشنبیریەدا نەبێت لە کۆمەڵگاو کلتورە جیاکانی دوونیا کەم نین ئەو ژنانەی بە نوسین و بیری وردیان، بەرەخنە و مەعریفەی بەرزیان توانیویانە کۆمەڵگا لە هەموو ئەو قەوزە سەوزانە پاک بکەنەوە وەک مۆرانە جەستەی تاکی کرۆشتووە، گۆڕانی گەورە لەسەر دەستی ئەمان ڕویداوە ڕەنگە لێرە 8 مارسی تەنها وەک نمونەیەک بەس بێت بۆ ئەوەی پاساوی پیاوی کورد بێدەنگ بکات، کە بڵێن نەخێر هەموودەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی تواناو هیمەتی پیاوان بووە .. لە کاتێکدا ژنە ڕۆشنبیر دێتە نێو ناوەندی کار و چالاکی نوسینەوە لە نێو کۆمەڵگاکانی تری دونیا ، لەلایەن پیاوانی ئازادی خوازو یەکسانی خوازەوە سەرباری ئەوەی کۆمەکی مادی و مەعنەوەی دەکرێت، ئەوا لەلایەن دەستەڵاتیشەوە دەیان دەرگای ئاسودەگی بەڕویاندا والا دەکەن ، بە ئومێدی کەڵک وەرگرتن لە هزر و بیرکردنەوە و ڕەخنەو پێشنیارەکانییان، ئەمەش وادەکات کە ژنی نوسەر هێندەی تر متمانەی بە خۆی ببێت، هەموو ئەو رۆشنبیر و زانست و زانیاریانەی هەیەتی بیبەخشێتە کۆمەڵگا بۆ بەرەو باشتر کردنی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ژیانێکی ئاسودەتر بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، لێرەوە ئارەستەکانی ژیان بەرەو ئاسۆ هەنگاو هەڵدەهینت کە هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە هەنگاو هەڵهێنن بۆ گەشتن بە بەختیاری و گەڕان لەدووی وەڵامی هەموو پرسیارە فکری و مەعریفیەکانی بوون ئازادی کۆمەڵگا پەیوەستە بە ئازادی ژنانەوە، ناکرێت قسە لەسەر ئازادی میلەتیک بکەین کە نیوەی واتە(ژن) نەک ئازاد نەبن ، بەڵکو رۆژانە لە ڕووبەڕووبونەوەدان بۆ سەدان دەستەواژەی سوکایەتی و کوشتن و بڕین لە لایەن نیوەکەی تری کۆمەڵگا واتە(پیاو)، چەوساندەوەیان بەدەستی ئەم نیوە لەژێر دەیان و سەدان پاساوی ڕەوشت و ئاین و کلتور و داب و نەریتدا، کە هەرگیز لە نێو ئاوا کۆمەڵگایەکدا ئومێدێک نیە بۆ بەیانی ڕۆژێکی نوێ ، ماف و بەهای مرۆڤەکان وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، تا ئەو کاتەی نیوەی کۆمەڵگا ( پیاو) بە ئاگا دێتەوە و دەچێتەوە دۆخی ڕەسەنی خۆی واتە مرۆڤ بوونی وە بە مرۆڤ سەیر کردنی (ژن) لە پێش (ژن) بوونی دیارە کارکردنی ژنی نوسەر لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا لە ناوەدنیکی ڕۆشنبیریدا ئاسمان و ڕێسمان جیاوازە لەگەڵ کارکردنی ژنیکی ئەوروپی لە کۆمەڵگایەکی ئەوروپیدا کە تارادەیەک بە هەندێک ماف و ئەرکەکانی خۆی گەشتوە وەک مرۆڤێک وەک ژنێک و هەموو ڕێگاکانی ژیانیان بۆ والایە بۆ ئەوەی بتوانێت پەرە بە هەموو ئەو ڕۆشنبیریەی بدات کە ئەم وەک ژنێک خاوەنێتی، ئەمیش چەندە بە هەوڵ و کۆشش و ماندووبونی خۆیەتی ، ئەوا بە هێندەش پاڵپشتی یاسا و دڵسۆزی ویەکسانی خوازی پیاوانی کۆمەڵگایە بۆ پشگرتن و لە خواست و پێشنیار و دید و بۆچونەکانی ئەم وەک (ژن)ێک، لەبەر ئەوەی لای هەموو پیاوێکی یەکسانی خوازو ئازادی خواز ئەوە ڕونە ، گەر ئەو هەموو دەرفەتە لەڕووی پیاواندا هەیە، بە هێندەش بۆ ژنان هەبێت، ئەوا وەک ڕێژەشش بێت کەمنین ئەو ژنانەنی دەتوانن گۆڕانی بنەڕەتی لە نێو کایەکانی مەعریفە و هەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا بەرپا بکەن بەڵام بە درێژی مێژووی کۆمەڵگای کوردی و ئیستەشی لەگەڵدا بێت پیاوانی هۆش سالاری نەک خزمەتیان بە قەڵەمی ژنە نوسەر و ڕۆشنبیرەکانی ئەم کۆمەڵگایە نەکردوە ، بەڵکوو هەردەم (ژن) لای ئەمان نەیتوانیەوە ئەو پیناسە کلاسیکیە ببڕێت کە (ژن) ئەرکی منداڵ بەخێو کردن و خواردن دروست کردن و مەخلوقێکی سست و بێ هۆش و زەعیفە، ئەرکی ژن ئەمانەیە نەک نوسین و بەشداری کردنی لە بڕیارە چارەنوس سازەکانی کۆمەڵگادا، پیاوە بەرهەم هینەری مەعریفە و ئەدەب و شیعر و چیرۆک و...هتد،، (ژن) ئەو مەخلوقە ناسک و نازدارەیە کە دەبێتە ئیلهامی ئەمی (پیاو)



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بۆ هۆنراوەیەک نەک بە پێچەوانەوە دیارە دابڕانی هەندێ (ژن) لەنێو ئەم چوارچێوە تەقلیدیەدا هەروا سان نیە هاتنیان بۆ ناو بواری نوسین و ڕۆشنبیریەوە، کەهەر لەسەرەتای هاتنە ژورەوەیان بۆ نێو ئەم بوارە ڕووبەڕووی دەیان و سەدان کێشە و تانە و تەشەر دەبنەوە، کە ئەستەمە نەک خودی ژن ، بەڵکو هیچ کەسیک بتوانێت لەبەردەم ئاوا هێرشێکی بۆگەناویدا خۆی بگرێت، لە توهمەتی ڕەوشتەوە و تا چاو سورکردنەوە و دەرگا داخستن بێحورمەتی بە کەسایەتی دەکرێت لەلایەن پیاوانی ڕۆشنبیرەوە بە گشتی و دەستەڵاتەوە بە تایبەتی، بۆ پیاوی کورد بە هیندەی هەست بە سوکی و کەرامەت شکاندی خۆی دەکات کاتێ دەبینێت خێزانەکەی یان خوشکەکەی زۆر لە خۆی زیاتر خاوەنی سەرمایەکی فکری زۆرە و پاشخانیکی ڕۆشنبیری بەربڵاو تۆکمەی هەیە، ئەوا بەهێندەی ئەوە مایەی شادومانی هاوکاری نیە بۆی، ئەم نەخۆشیەش تەنها لای ئەو پیاو کۆمەڵگایانەدا هەیە کە (ژن) وەک مرۆڤ نابینن ، بەڵکو تەنها پێناسی ژن بۆ ئەمان هەر (ژن) ە و بەس دیارە لەسەرەتاوە ئاماژەم بەوە کرد کە ژن لەنێو بیرکردنەوەی ئەم جۆرە پیاو کۆمەڵگایەدا ئەرک و مافاکانی چین ...ئەگەر چاوێکی خێرا بە نێو ڕۆشنبیران و نوسەرانی کوردا بخشێنین، بە هەموو ئەو پیاوانەی لە نوسینەکانیشیاندا هەڵگری ماف و پاراستنی کەرامەتی بەرزی ژنان ، ئەوا زۆر کەم یەکێک لەم ڕۆشنبیرانە توانیبێتی پرۆسەی هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ژنە نوسەرێک و هەموو ئەو هەلو مەرجەی بۆخۆی دروست کردوە بۆ خێزانە نوسەرەکەشی ئامادە کردبێت، بەڵکو تەواو پێچەوانە زۆربەی خێزانی نوسەران زۆر بێئاگان لە دوونیای نوسین هەموو وەک ژنە ئاسایەکانی کۆمەڵگا تەنها سەرقاڵی منداڵ بەخێو کردن و خزمەت کردنی قەڵەمی ئەمی (پیاو)ن یان پێچەوانە کاتێ پیاوێکی نوسەر و ڕۆشنبیر خوازیاری ژنە نوسەرێکە بیتە نێو ژیانیەوە، ئەوا لە کورتین ساتدا بە پلەی سەد و هەشتا دەگەڕێتەوە دواوە خوازیارە (ژن) ە نوسەرەکەی نەک تەنها قەڵەمەکەی بکاتە قوربانی ژیانی هاوسەرایەتی و ماڵ و منداڵەوە ، بەڵکو ببێت بە عەبدێکی کڕنووشکاری بیر و بۆچوون و خواستی ئەو ،جا با ڕۆشنبیری ئەوی پیاو زۆر نزمتریش بێت لە هی ژنە نووسەرەکە ، وەک ئەوەی بۆ خێزانێک تەنها نوسەریک بەس بێت، لێرەدا پێوست بە نمونە هێنانەوە ناکات ،چونکە با هەموو پیاوانی نوسەر و ڕۆشنبیر بە ژیانی هاوسەرایەتی خۆیاندا بچن و سەیری خێزانەکانی خۆیان بکەن ئەو کات بڕیار لەسەر ئەم نوسینەی من بدەن،، دەزانن ئێمە چەند پیاوی ڕۆشنبیرمان هەیە لە سەرجەم بوارەکانی شێعر چیرۆک ڕۆمان فکر شانۆ؟؟؟ کوا و لەکوێ بۆ**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

جارێ گوێبیستی خێزانەکانیان بین لەیەکێک لەو بوارانەدا قەڵەمی خۆی تاودا بێت؟؟؟ (ئەڵبەت مەبەستی من لەم بابەتە ڕەها بوون نیە بۆ هەموو کەسێک، بەهێندەی ڕێژەی زۆرینەی نوسەرانە) کام یەک لەو ژنە نوسەرانەی ناو ئەم بوارە لە کاتی نوسینێکدا خەمی ئاگابون لە منداڵ و خواردن ئامادەکردن و ناوماڵ پاکردنەوە ی نیە؟ کام ژن لەماڵەوەی مێردەکەیدا خاوەنی ژورێکە بۆ نوسین و خویندەوە؟ کام ژنەیە لەسەر نوسینیک دەجار هەڵناسێت بەدەم پیاو منداڵ و ئەرکی ناوماڵ و باوک و براوە؟ کوا ئەو پیاوەیەی بۆ ڕۆژێکیش بیت خەمی نوسینی خێزانەکەی لەکۆڵ نابێت؟ کوا دەنگ و ڕەنگی ژنی نوسەران و سیاسەت مەداراکانمان لە بوارێکدا؟؟ کەی و لەکوێ ڕیگە واڵا کرا بۆ ژنانیک بە توانا وهەڵوێست و ماندوو بون و ڕۆشنبیری خۆیان بۆ ناو کورسیەکانی پەرلەمان بچن و خاوەنی بڕیاری گەورەی کۆمەڵگا بن، تەنها ئەوە نەبێت وەک پاسپۆرتێک هەردەم پێوستیان بە فیزەی باوکی شەهید و برای شەهید چی و چی هەبیت؟ کەم نین ئەوژنە نوسەرانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان تانەو تەشەری پیاوانی نوسەران دەبنەوە،هەردەم لە پلاندان بۆیان بیان خەنە نێو گێژاوی سوکایەتی و شکاندنەوە، کەم نین ئەو ژنە نوسەرانەی لە پیناو خۆشەویسی قەڵەمەکانیان ئامادەن هەتا دەمرن تەنها بژین، ئاخر بە چ پیوەر و یاسایەک ڕەوایە هاوسەرگیرێتی بیتە مایەی بەخاک سپاردنی قەڵەمەکەت ؟ تەنها بە یاسا و پێوەری هۆشی پیاو سالاری ڕۆشنبیری کوردی نەبێت؟ ئەوەی کە مایەی نیگەرانیە، بیرکردنەوە و هەڵویستی نوسەرانی ئاوا کۆمەڵگایەک کە هیوای گۆڕانی لێ چاوەڕی ناکرێت تا ئەو کات کە پیاوی نوسەر ڕاستگۆ نەبیت لەگەڵ هەموو ئەو نوسینانەی کە دەینوسێت ، ئەو ووانتەی لە کەناڵەکانەوە دەیانکات بە گووتار، واتە بەر لە هەر شتێک پراکتیزەکردنی لە گفتار و ڕەفتاری خۆیدا ، ئەوکات هەنگاو هەڵهینان بۆ دەرەوەی بازنەی کارکردنی، ئەگین ئاوا نوسینیک بە هیندەی ڕەشکردنەوەی پەڕە سپیەکانە ، بە هینده سپی کردنەوەی ئەو مێژ و عەقڵە پیاو سالاریەی نیە کە ئەمی نوسەر وەک پیاو گیرۆدەی بوە ئیستەشی لەگەڵ بیت بۆ تەنها جارێک گوێبیستی پیاوێکی نوسەر نەبووین کە ڕاستگۆبێت لەگەڵ ویژدانی خۆیدا لە نوسینیکدا ئاماژە بدا کە کاریگەریتی ژنە نوسەریکی بەسەرەوەیە و ڕینمانی ژنێک لە دونیای نوسینیدا ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەمی فراوانتر کردوە ، ئەمە بەمەرجێ هەموو نوسەرانی دونیا لەسەر ئەوە کۆکن ( لە پشت هەموو پیاوێکی بلیمەتەوە ژنیکی بلیمەت هەیە) ئەدی ئەم جادوە چیە پیاوی نوسەر دەیکات و ئاماژە بە ئاوا کاریگەریەک ناکەن؟



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

من دەمێ ساڵە دلنیای گوزەری کردوە بە هۆشمدا کە زۆرینەی ئەم نوسینانە بە تایبەتی لەسەر مافەکانی ژنان تەنها وەک مۆدیلێک لەنێو نوسەراندا هەیە کە قسەو باسی لەسەر بکەن، بەهیندەی ئەمە خەمی گەورەی نوسینی ئەمان بیت، گەر نا ، ئەی کوا ئەو پیاوە نوسەرەی خیزانەکەشی وەک خۆی لە ناوەندەکەدا ئەسپی خۆی تاودابێت؟
کەم نەبوون قەڵەمی ئەو ژنە کوردانەی لەترسی شەرم و فشاری مێرد و سەختی ژیانی هاوسەرێتی، شکان و دەنگ وڕەنگیان بە چوار دیواری سپی ماڵەوە دا و بەس
ئەوەی کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، بۆ پیاوێکی نوسەر و ڕۆشنبیر ژنە نوسەرێک و ڕۆشنبیرێک باشە و دەبێتە هۆی ئاسودەگی و دەوڵەمەند کردنی سەرمایەی ڕۆشنبیری. یان ژنێکی بەدبەختی نەخوێندەواری بی ئاگا؟ وا زۆرینەی نوسەرانی کورد هاوسەرگیرێتی لەگەڵ ژنێکدا دەکەن کە بە قسەی شاعێرێک زۆر گەورەی گەلەکەمان دەڵیت خێزانەکەم لە هەموو ئەو دیوانە شێعریەی من هەمە تەنها هۆنراوەیەکی منی لەبەر نیە، یان نوسەرێکی سەرقافڵەی بونیاد گەری کورد دەڵێت تا کو ئێستە خێزانەکەم یەکێک لە ڕۆمانەکانی منی نەخوێندۆتەوە، یاخود حاکمێکی سیاسی کورد لە سلیمانی دەڵێ ژنەکەم هەر نازانێت سیاسەت چیە، یان نەقیبیکی مۆسیقای کوردی دەڵێ ژنەکەم نەک هەر نازانێت نۆتەی مۆسیقا چیە، بەڵکو هەر حەزیشی لە گوێگرتنی مۆسیقا نیە... باشە دەبێت فەلسەفەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرێتیانە چی بیت؟ ئەگەر تەنها وەلانان و بچوک کردنەوەی خودی (ژن) نەبێت لەلایەن ئێوەی پیاوانی ڕۆشنبیرەوە؟؟؟ خۆ ئەم جۆرە پیاوەو جۆرەکانی تر و تازە دەستپێکردوانیش ، هەرکە هاتە سەر باسی ژن ،باسی پیرۆزی ژن و چەوساندنەوەکانی و گرفتەکانی کۆمەڵی ئێمە دەکەن ، هەر ئەو دوو ڕوویەش وای لە هەندێ ژنی نووسەر و هونەرمەند کردوە باوەڕ بە بانگەشەکانیان بکەن ، ژیانیان لە گەڵدا پێک بهێنن ،بەڵام کە بە پرکتیک دەبینن ئاوا ڕەفتارێک لە پیاوانی کورد تەواو جیاواز لەگەڵ گفتاریاندا بۆیە ناتوانن درێژە بەم چەشنە ژیانی هاوسەریەیتە بدەن، بۆیە زۆرینەی ئەم جۆر و شێوەی پیاوانە هەر زۆر زوو لە ژیانی خۆیاندا تەڵاق دەدەن ،نەک بە پێچەوانە، بەڵام ئەم دەستە پیاوە ڕۆشنبیریانەی کورد وەک ئەوەی لە ژیانی هاوسەرێتیاندا درۆزن و دوو ڕوو بون لە بەرامبەر ئەو هەموو پەیمان و بەڵێنانەی کە داویانە ، دواتریش بەوەوە ناوەستن، کە ئیتر ئەمە دواهەمین ساتەکانییەتی لەگەڵ ئەم ژنەدا، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی ناشیرین کردن و هۆنینەوەی سەدان گومانی ئەخلاقی دوور لە هەموو یاساو رێسایەکی مرۆیانەن( بیرمان



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

نەچێت ئەو جۆرە پیاوە چۆن لە مەسەلەی ژناندا بۆ کۆمەڵ دووڕووی دەنوێنن لە مەسەلە سارستانیەتەکانیش هەمان دوو ڕووی دەنوێنن )پیاوی عەقڵ شارستانی کە ژنێک وازی لێ هێنا دەبێت بە هاوڕێی ،چاکەی بۆ دەخوازێ ، هەر دەروونیشی نەخۆش بوو لانی کەم بە شەرمی دەزانێت سوکایەتی پێ بکات ،چوونکە دەزانێت هەر سوکایەتی کردنێک چەمکێکی گەورەیە لە کەسایەتی خۆی نەک ژنەکە،ئەو دەردە دەروونیە چیە ؟ والە چینی بەرزی بە ناو هەندێ رۆشنبیران کە لە زۆر شوین و ماڵپەردا نەک بانگەشەی ررۆشنبیر بوونی خۆیان دەکەن، بەڵکو باس لە پلەی بەرزی دکتۆرا و گۆڕانی کۆمەڵگا دەکەن لەسەر دەستی ئەمان،بە ناوی نهێنی و نامەی ژێر بە ژێر بۆ پیاوانی کۆمەڵەکەی سوکایەتی بە ژنێک بکات ،تەنها لە بەر ئەوەی ژنکە تەڵاقی داوە . هەر بۆیە ژنانی نوسەران زۆربەی کاتەکان دەگەنە ئەو بڕوایەی ژیان لەگەڵ ئەم جۆرە بەناو ڕۆشنیرانەدا بە هێندەی مایە پوچیە ، ئەوا تەنها بۆ ڕۆژێکیش نابێتە هۆی ئاسودەی ماڵی دڵ و بڕشتی خامەکانیان، لێرەوەیە دەبینین زۆربەی ئەم ژنە هونەرمەند و نوسەرانە دوا مەنزڵگای خۆشەویستان هاوسەر گیریە لەگەڵ پیاوێکی ئەوروپیدا،، ئاخر زۆر ئەستەمەکاتێ ژنێک هەست بکات هاوسەرەکەی لە بری دروست کردنی کەشێکی ئارام بۆ قەڵەمی ئەم ئەوا هەر لە چەند ڕۆژێکی کورتدا هەموو ڕاستیە بۆگەناویەکەی دەربکەوێت، دواتریش بەوەوە نەوەستێت هەمیشە لە سۆراخی کار و کردەی ئەمدا بێت ،، مەبەستم نیە لەم وتارەدا بە نمونەی هەمو ئەم جۆرە پیاوانە بهێنمەوە، گەر نا ئەوا بە ناو ناونیشان، بە ئمایل و نوسینی ڕق ئامێز بەڵگەی ئەم جۆرە مامۆستا و دکتۆرە ساختانەم لەبەر دەستایە ،ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆتە مۆدێلێک لەنێو ئەم بەناو ڕۆشنبیرانەدا، کە ڕۆژانە خۆیان بە هەڵگری بانگەشەی فێمنیسیانە دەزانن، کەچی ئێستەشی لەگەڵدا بێت پەرەگرافیکی ئەم جۆرە کەسانەمان پێش چاو نەکەوت، یاخود نەیان توانی و نەیان ویستوە خاوەنی ژنێکی فێمینیست بن، چونکە بۆ ئەم دەستە پیاوانە دونیای فێمێنست تا ئەو کاتە خۆشە کە مەرامە پیسەکانی خۆیانی تیادا بەرجەستە دەکەن، پێچەوانە کاتێ شەماڵی فێمێنستی خۆی دەکات بەناو خانەوادەی ئەماندا ، ئەوا دەست و دەم توشی داڕوخان و هێسترییایان دەکات،لێرەوەیە وەک ژنە نوسەر کازێوە ساڵەح دەڵێت " نووسەر بوون بۆ ژن لە ناو کورددا هێندە سەختە ، ئەوەی زیانێکی بچووک بە ژنێکی نووسەر بگەیەنێت ،زیانی بە سامانی نەتەوەیی کورد گەیاندوە " یان دەڵێ " پێویستە ژن بیت بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەی خۆت بە باشی بناسیت * "



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

مایەی شەرمەزارییە  بۆ پیاوانی کۆمەڵگایەک نە توانن ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانە بڕەوێننەوەلە ئاست تواناو بەهرەی ژنانی نوسەر و بەهرەمەندا کە دەتوانن چەندین بەرهەمی جوان و مرۆ دۆستانە  پێشکەش کۆمەڵگا بکەن،،،خەجاڵەتیە بۆ پیاوی کورد کاتێ سەیری مێژووی ئەدەب و هونەری ئەم گەلە دەکەین بە شێوەیەک لە شێوەکان تواناو  بەهرەی (ژن) نائامادەیە  بە هیندەی ئامادەی (پیاو) هەیە کەم نین ئەو ژنە نوسەرانەی خاوەنی هزری بەرزی مرۆین، خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بەر بڵاو  توانای گۆڕانی کۆمەڵگایان هەیە لە هەموو ئاستەکاندا، گەر تەنها نەک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنین ئێمەی پیاوان ، بەڵکو ڕێگر نەبین لە ئاستیاندا و نەیان دەینە بەر سەدان تانەو تەشەری نا مرۆیانە، نوسینەکانیان بەهەند وەربگرین  و بڕوا بە چاو  هۆش و گوێی خۆمان بکەین کاتی نوسینی ژنە نوسەرێک دەبینین کە چەند فرسەخێک لە پێش ئیمەی پیاوانەوەن ... ئەم نوسینە تەنها بە ئاگا هینانەوەیەکە بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی پاڵەوانی داکۆکیکاری مافی ژن و مفکرمان بۆ دروست دەکەن بە بێ ئەوەی چوار بەرهەمی نەوازە و کارێکی جدی جیاوازی کەوتبێتە کتێبخانەی کوردییەوە ، بە بێ ئەوەی لە ژیانی و عەقڵی ڕاستەقینەی خۆیان کۆڵیبێتەوە .بە ئاگاینانەوەیە بۆ پیاوی کوردی نوسەر و هونەرمەند کە قەناعەت بکات بە هەستەوەرەکانی وەک خۆی ئەو دەمانەی  بەهرەو چالاکی و  ژنە نوسەریک دەچێتە بەر  دیدی خوێندنەوەی، ئەو کاتانەی کە دەنوسێت بزانێت کە ئەو هەل و مەرجەی بۆ ئەو خوڵقاوە ، گەر بۆ ژنە نوسەرێکیش دروست بێت ، ئەوە دوور نیە لەو جوانتر وردتر شارەزاتر بنوسێت لەوەی کەئەو دەینوسێت، هەموو ئەو دیوارانە بشکێنێت کە تواناو مەعریفە ژنە نوسەریک نابێنێت .

ئەلمانیا

www.ismail-halabjaye.com



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image